# شین شارەنگە بۆ نینۆکی پەنجەکانت



خانمان هەمیشە عەوداڵی ئەوەن کە نینۆکەکانی دەست و پێیان جوان و نەخشین و ناسک بن، تا ناز بە رەنگینی و نەرم و نیانی نینۆکەکانیان بکەن، پسپۆڕان دەڵێن: وەك چۆن رەنگکردنی چاوەکانت گرنگە بۆ ماکیاژی رووخسارت، هەروەها رەنگکردنی نینۆکیش زۆر گرنگە بۆ دەستەکان. لە هەر وەرز و کاتێکدا چەند جۆرە رەنگێك باو دەبن، تا لە جلوبەرگ و ماکیاژ و رەنگ و بۆیەی نینۆك بەکاربهێنرێن، چونکە هەر ماوەیەك پێویستی بە چەشنە رەنگێکە بۆ ئەوەی جوانیت زیاتر بکات و دژ و پێچەوانەی مۆدەکەت نەبێت. بۆ نموونە: هەوڵبدە لە وەرزی بەهاردا رەنگەکانی شین و سوور و سپی و پەمەیی بکەیتە رەنگی سەرەکی نینۆکەکانت، چونکە هەر یەك لەم رەنگانە دەبنە هۆی زیاتر گەشاندنەوەی نینۆکەکانت، لە دوور و نزیکیشدا دیار دەبن، بەڵام جوانترین رەنگ بۆ ئەو کات و وەرزە (شین)ـە، ئینجا دەتوانی هەموو ئاستەکانی رەنگی شین لە نینۆکت بدەیت لەوانە: شینی ئاسمانی، شینی تۆخ، فەیرووزی، شەدری. هەر یەکە لەو رەنگانەش بۆ کات و شوێنی خۆی لە نینۆك دەدرێن، شینی تۆخ بۆ گەشت و سەفەر و شینی ئاسمانی بۆ دەوام و زانکۆ و فەیرۆزی و شەدریش بۆ دەرچوون و گەڕانە.



# دەستەگوڵی رۆژی ئاهەنگ و زەماوەند

گوڵ هەمیشە گوزارشت لە جوانی و خۆشەویستی و دڵی پاك و هەستی جوان دەكات، ئەوانەی دەستگیراندارن و چاوەڕێی رۆژی ئاهەنگ و زەماوەندن، هەردەم بیر لەو دەستەگوڵە جوانە دەکەنەوە تا لە رۆژی بووکێنیدا لە دەستیان بێت و دەست بەتاڵ نەبن، یان ئەو کاتەی زاوا بە دیداری بووك شاد دەبێت و دەستەگوڵەکەی پێشکەش دەکات. مۆدی پێشووی دەستەگوڵی بووك زیاتر گوڵی سپی و لە پلاستیك و باغە بوون، بۆ ئەوانەی دەیانەوێ لە رۆژی بووکێنییاندا وەك شۆخێکی جوان دەربکەون، دەتوانن گۆڕانکاری بەسەر ئەو شێوازە گوڵە کلاسیکە بهێنن، ئەویش بە هەڵبژاردنی گوڵی سرووشتی، مەرجیش نییە تەنیا لە رەنگی سپی بێت، بەڵکو دەتوانی گوڵەکان رەنگاورەنگ بن، یان لە رەنگێکی دیکە جگە لە رەنگی سپی بێت. بۆ ئەوانەش دەیانەوێ ئەو دەستە گوڵەیان وەك یادگاری بمێنێتەوە، دەتوانن گوڵی پلاستیك هەڵبژێرن تا لە داهاتوودا لە ماڵەکەیان بپارێزرێت، تەنانەت دەتوانی لە شێوە کۆنەکەش دەربچیت و لە جیاتی دەستەگوڵ، کەرەستەیەکی دیکە بێت، وەك یادگاری نامە و شووشەیەکی نەخشێنراو بە ناوی بووك و زاوا یان پارچە شیعرێك بێت، یان ئەو کەرەستەیە بێت کە لەلایەن بووك و زاواوە لە پێشوودا دیاری دەکرێن.



# دەستەجلی بەدلە و پانتۆڵی دۆنگەرێ

مۆدی جلوبەرگ، لە هەر شێواز و جۆرێك بێ، لەسەر ریتم و چەشنێکی دیاریکراو لەلایەن دیزاینەرانەوە ئامادە دەکرێن، تا جیاوازییان لەگەڵ مۆدەکانی پێشووی خۆیان هەبێ و لاساییکردنەوەش نەبێت، ماوە ماوەش چاوخشاندنێك بە مۆدەکانی پێشوودا دەکرێ، تا لە شێوازی تازەیدا و دوای گۆڕانکاری بە سەریدا شێوازێکی سەرنجڕاکێشی لەسەر دروست بکەن. ساڵانی حەفتاکانی سەدەی رابردوو مۆدی دەستەجلێکی باو لە نێو کچان و ئافرەتاندا هەبوو، کە بە مۆدی دۆنگەرێ – Dungaree ناسرابوو، ئەم دەستە جلە، هەم بەدللە و هەمیش پانتۆڵە، لە دوو پارچەی جیا پێکهاتووە و بە یەکەوە بەستراوەتە بەشی سەرەوەی قەمیس و بەدی و بلووز و لەگەڵ پانتۆڵ لێکدراوە، جۆرەکەی دیکەشی لەگەڵ تەنوورەدا رێکدەکرێت. دەتوانی تۆش ئەو مۆدە تاقی بکەیتەوە، بەتایبەت ئەوانەی لەسەر شێوازی شاژنە (ڤیکتۆریا) چێ کراون، هەوڵبدە لە رەنگی بێجی و لەگەڵ تیشێرتێك، یان قەمیسێکی یەخە گەورە لەبەری بکە و ئینجا دەزانی چەندە جوان و رازاوەیە لە بەرتدا.



# کراسی رەشی بووک!

هـەردەم زانیومانـە کە جلوبەرگی بووك سـپییە و زاواش قاتی رەش لەبەر دەکات، جار جارەش زاوا لە رەنگە کلاسیکەکە دەردەچێ و رەنگێکی دیکە لەبەر دەکات، بەڵام زیاتر جلی بووك لە رەنگی سـپییە و چەندەها سـاڵە لەسـەر هەمان ئەو نەریتە بووکەکان بەرگی سـپی دەپۆشـن، وادیارە دیزاینەرێکی بەلجیکـی دەیەوێـت لـەو ریتمـە لابـدات و رەنگێکی تازە بە جلی بـووك بدات، ئەو دیزاینـەرە ناوی (پاسـکال دانگین)ـە و جلێکی تازەی بووکـی ئامادەکردووە کە لە رەنگی رەشە. ئەو مۆدە کراسە رەشە بۆساڵی (٢٠١٦)یە و رەنگە ببێتە مۆدێکی بـاوی جلـی بـووکان. جلەکـە لەلایەن نمایشـکارێکی ئیتاڵی بە نـاوی ( دانێلا جوسـێبی ) نمایش کراوە، وا بڕیارە داهاتی فرۆشـتنی ئەو کراسـە رەشـەی بووك، بۆ منداڵانی تووشبوو بە نەخۆشە درێژ خایەنەکان بێت، مۆدی کراسەکەش لە ژێر ناوی (ڤێرا وانگ - Vera Wang)ـە و لە سـەرەتای نمایشـکردنیدا داواکاری زۆری لەسـەر بـووە و لە کۆتایی ساڵیشـدا ئەنجامەکەی دیاری دەکرێت.

# جلوبەرگی بووک و زاوای کوردەواری


کورد هاوشێوەی هەموو نەتەوەکانی دیکەیە و شتێکی کەمتر نییە تا پێناسەی نەتەوەیی و شوناسی خۆی نەکات، بۆیە پێویستە نەك تەنیا لە ئاستی نەتەوەکانی وڵاتان، بەڵکو کەلتووری خۆمان لە سەرووی ئەوانیش دابنێین. کراس و بەدلەی بووك لە هەموو جیهاندا ناسراوە و لە شێوەی کراسی عەزی وایە، ئێستا گەنجان و کچان و خانمانی کورد دەتوانن لە جیاتی کراسی بووکی بیانی، جلوبەرگی بووك و زاوای کوردەواری لەبەر بکەن. هەر بۆیە دیزاینەر وبەرگدروو (ئەسعەد خەیات) بیرۆکەی ئامادەکردنی جلوبەرگی بووك و زاوای داناوە و ئێستاش چەندین نموونەی جلی بووك و زاوای ئامادەکردووە و کچان و کوڕانیش بۆ ڕۆژی ئاهەنگ و زەماوەندیان پۆشیویانە، کراسی بووکە خان لە دوو بەش پێکهاتووە، کراس و کەوای درێژە، هاوشێوەی جلی ستانداردی بووکی بیانییە، بەڵام سیمایەکی کوردەواری پێوە دیارە، هەروەها لە بری تاجینەی سەرەوە، کڵاوی کوردەواری جێگەی گرتۆتەوە، جلی زاواش بریتییە لە رانك و چۆغە و لاساییکەرەوەی جلوبەرگی پێشووی پیاوانی ڕۆشنبیر و ناودارانی کوردە، کە بەشی پێشەوەی لە شێوەی چاکێتی بیانی وەرگیراوە، ئەو جۆرە جلوبەرگەی بووك و زاوا، نەوەك تەنیا بۆ ڕۆژانی ئاهەنگ، بەڵکو دەکرێ لە ڕۆژانی دیکەشدا لەبەر بکرێت، جلێکی بووکی کوردەواری نزیکەی (٣٠٠) هەزاری پێویستە، بەڵام تەنیا کرێی جلی بووکێنی بیانی نێوان (٣٠٠ تا ٧٠٠) دۆلارە، هەروەها کرێنیشی دەگاتە نێوان (١٠ تا ١٥) وەرەقە.





## نمایشکارە پیرەکە !

زۆرن ئەوانەی بە تەمەن گەورە و بە دڵ و هەست بچووکن، یان ئەوانەی ژیانی منداڵی و گەنجێتیان سەخت و دژوار بووە، لە تەمەنێکی درەنگدا دەیانەوێ قەرەبووی بکەنەوە، تەنانەت راوبۆچوونێك هەیە کە تا ئەوانەی تەمەنیان گەورەیە، بیرکردنەوەیان بۆ سەردەمی گەنجێتی دەگەڕێتەوە، حاڵەتی ئەو ئافرەتە بەتەمەنەش بەڵگەیەکە بۆ ئەو قسانەی سەرەوە. ئافرەتێك بە ناوی (نیکۆلا گریڤین) کە پێشتر نمایشکاری جلوبەرگ بووە، دوای ئەوەی دەکەوێتە ناو تەمەنەوە، ئیدی واز لە کاری نمایشکاری دەهێنێت، ئەو ئافرەتە ئێستا تەمەنی (٥٦) ساڵە، بەم دواییە دەیەوێت بچێتە بەر هەویر و نمایشی جوانیش بکات، ئەوەتا چەندین وێنەی بە جلی جوانەوە بڵاوکردۆتەوە کە خۆی وەك نمایشکارێکی گەنج نیشان دەدات و نایەوێ واز لە کارەکەی بهێنێت، وەك خۆی دەڵێ: ئافرەت هەردەم جوانە، چ بچووك و چ گەورە بێت، چونکە ناخی ئافرەت پاك و ناسکە، هەر واش دەمێنێتەوە، ئەگەرچی جەستەمان پڕ دەبێ لە چرچ و لۆچ، بەڵام دڵمان هەر جوان و ساف و پاکە، ئێستاش هەست و ناخم گەنجە و هەر بەم چەشنەش دەمێنمەوە.



## پەند و وتە


- گراهام بێل، دەربارەی ڕێگەی کەسانی دیکە و هەنگاوی دووبارە دەڵێ :

هەوڵمەدە هەرگیز دوای ڕێگای کەسانی دیکە بکەویت، یان لاسایی هەنگاوەکانیان بکەیتەوە، چونکە ئەو ڕێگا و هەنگاوانە بەو ئامانجەت دەگەیەنن کە کەسانی پێش خۆت پێی گەیشتوون.

# کەرەستە و کەل و پەلی بێ کەڵک



هەر کەرەستە و کەل و پەلێك بۆ مەبەست و کار و ئەرکێك دروست دەکرێن، کارکردنی ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤ، پێویستی بە کەل و پەلی جۆراوجۆر هەن تا کارەکانی بۆ ئاسانتر بکەن. بیرۆکە سەیرەکانی ئەو کچە ئەندازیارە یۆنانییە، هەمووانی سەرسام کردووە، کە چەند ساڵێکە کارگەیەکی دروست کردووە و تیایدا ئەو کەرەستە بێ کەلك و بێ سوودانە دروست دەکات، تەنانەت کەسێك ناتوانی سوودیان لێ ببینێت، ئەو ئەندازیارە ناوی (کاترینا کامبرانی )یە، لە شاری ئەسینا دەژی، دوو ساڵ لەمەوبەر نمایشێکی بۆ کەرەستە بێ سوودەکان کردەوە و ئەمساڵیش چەندین کەرەستەی دیکەی دروست کردوون کە تەنیا بۆ نمایشە و کاریان پێناکرێن.





## بۆ زانیاریت



### - پیتەکانی گێڕی ئۆتۆمبێل

ئۆتۆمبێلەکانی ئەم سەردەمە زۆربەی لەسەر سیستەمی گێڕی ئۆتۆماتیکە، جاران گێڕی ئۆتۆماتیك بۆ کەسانی کەمئەندام بوو، چونکە گێڕێکی ئاسانە، بەڵام دواتر ئەو سیستەمە بووە جیهانی و ئێستاش لە ٪۹۰ی ئۆتۆمبێلەکان گێڕیان ئوتۆماتیکە، ڕەنگە زۆربەشمان وشەی ئەو پیتانە نەزانین کە لەسەر گێڕ نووسراوە، تەنیا وشە و کردارەکانیان دەناسین، با لێرەوە ئاشنای ئەو پیتانە بین:

P = Parking، بە مانای وەستانی درێژخایەن، دوای ئەوەی هاندبرێك ڕادەکێشرێت.

R= Reveres، واتە پێچەوانە، یان گەڕانەوە.

N= Neutral، واتە یەکسان، واتە گێڕی وەستانی کاتی وەك لە ترافیك لایت.

D= Driving، واتە ڕۆیشتن بەرەو پێشەوە. هەندێ لە ئۆتۆمبێلەکان، چەند گێڕێکی دیکەی لە دوای گێڕی (D) هەیە، وەك : (۳-۲-۱) کە بۆ هەوراز و نشێو بەکاردەهێنرێت، هەروەها گێڕێکی دیکەش لە پیتی (L) هەیە بە مانای ( Lowest-lower) گێڕ دێ، بۆ ناو بەفر و قوڕ بەکاردەهێنرێت.



**گۆزە ۱/۲۰ - ۲/۱۸**

هەر کاتێك تووشی کێشە و گرفتێك بوویتەوە، نابێ ژیانی خۆت تێکبدەیت و سەریش لە خۆت بشوێنێت، هەوڵبدە بە ئارامی و بە پێی پلانی خۆت چارەسەریان بکەیت. بەخت یاوەرتە لەم کاتەدا و کەسێکی زیرەك و شارەزای، بەڵام کاتێك دەست بە کارێك دەکەیت بە خراپە بۆت دەگەڕێتەوە.



**نەهەنگ ۲/۱۹ - ۳/۲۰**

بڕیارەکانت جێگەی سەرنجی هەمووانن، بەتایبەت کەسانی نزیکت، ئەو کەسەی هەمیشە پاڵپشتی تۆیە و تۆش فەرامۆشت کردووە، مەهێڵە لە دەستی بدەیت و دواتر پەشیمان ببیتەوە. هەر هەنگاوێك دەکەیت پێویستی بە بیرکردنەوەی پێشوەختە هەیە و بە جوانی مامەڵە بکە و متمانەت بە داهاتووت بێت.



**کاوڕ ۳/۲۱ - ٤/۱۹**

هەردەم خولیای ئاواتەکانت بە و لە مێشکت دەریانمەخە و کاریان لە پێناودا بکە. هەنگاوەکانی پێشووت بۆ کەسانی دەوروبەرت جێگەی شانازییە و زۆربەی کەسانی نزیکت لێت رازین و تەنیا ئەو کەسە نەبێت کە لەلات بە نرخە و گازاندەی هەیە، هەوڵبدە زیاتر لێت تێبگات.



**شێر ۷/۲۳ - ۸/۲۲**

یارمەتیدانی کەسانی دیکە لە خۆتەوە دەبێتە هۆی پەشیمانیت، چونکە لەم ماوەیەدا کێشەی کەسانی دیکەت چارەسەر کرد، بەڵام دواتر تووشی هەڵوێستی خراپ بوون و کاریگەری خراپی بۆت هەبوو. لەم ماوەیەدا لەگەڵ ئەو کەسەی لە خەڵتدایە زیاتر لە یەك نزیك دەبنەوە.



**گوڵەگەنم ۸/۲۳ - ۹/۲۲**

هەنگاوەکانت بەرەو سەرکەوتن ڕێگە دەگرن، بەڵام زۆربەی جاریش تووشی کێشە و گرفت دەبیتەوە، بەتایبەت لەگەڵ کەسانی نزیکت، ئەوەش مانای ئەوەیە کە بیرکردنەوەت لە ئەوان جیاوازە و هەوڵبدە هەندێك زیاتر خۆت لەگەڵیان بگونجێنیت. کەسێکی شیاوت ناسیوە و لەگەڵت هاوهەڵوێست و هاوبیرە.



**تەرازوو ۹/۲۳ - ۱۰/۲۲**

پێشبینی هەموو ئەنجامێکی هەنگاوەکانت بکە. لە ئێستاوە شتێك لە خۆتەوە دامەنێ، نەوەك دواجار تووشی هەستێکی ناخۆش ببیتەوە، بەتایبەت ئەگەر ئەنجامەکانی بە دڵت نەبوون، لە کەسێکی باش نزیك بوویتەوە و هەوڵمەدە کاریگەری خراپی لەسەر بکەیت و لە دەستت بچێت.

# گوندێک بۆ فرۆشتن !

وەکو دەزانین خەڵك بۆ نیشتەجێبوون و شوێنێك بۆ حەوانەوەی خۆی و خێزانەکەی، خانوێك یان ڤیلایەك دەکڕێت، تا جێگەی هەمووان ببێتەوە، تەنانەت زانیومانە خانوو و پارچە زەوی بۆ فرۆشتنە، بەڵام وادیارە فرۆشتنی موڵك و موڵکداری لە شێوەیەکی دیکەدا پەیدا بووە، ئەوەتا فرۆشتنی گوندیش دەستی پێکرد. لە لایەن خانووبەرەکانی بەریتانیا گوندێکی تەواو هەیە بۆ فرۆشتن، ئەو گوندە لە (٤٣) ماڵ و کۆشکێك و وێستگەیەکی سووتەمەنی پێکهاتووە، ڕووبەرەکەشی نزیکەی (٢٠٠) دۆنم دەبێت، گوندەکە ناوی (ویست هیسلیرتۆن)ـە و دەکەوێتە ناوچەی (یۆرکشایر لە باکووری ئینگلتەرا)، نرخەکەشی (٢٨) ملیۆن دۆلارە.



## خەوننامە



**- ئازار**

ئەگەرچی هەندێ لە زانایان دەڵێن: لە نێو خەودا ڕەنگ نابیندرێت و هەستیش بە ئازار ناکرێت، بەڵام زۆربەی خەڵك خەو بەو ئازار و ڕەنگ دەبینن، زۆربەشمان لە خەودا تووشی ئازار دەبین، کە هەندێکیان ئازاری جەستەیە و هەندێکی دیکەش ئازاری شەڕ و لێدانە، با بزانین مانای ئازار چییە لە خەودا، لە خەوننامەدا هاتووە: ئازار مانای ئەوەیە کە لە ژیانی ڕۆژانەدا بە خەم و بیر کردنەوەی زۆر خۆت ئەزیەت دەدەیت. ئەگەر لە خەودا هەستت بە ئازاری شوێنێکی جەستەت کرد، بە مانای پەیامێکی مێشکە کە لەو کاتەوە ئەو شوێنەت ناتەندروستە، هەروەها ئەگەر ئازارت بە دەست کەسێکەوە خوارد، مانای ئەوەیە لەگەڵ ئەو کەسە کێشە و ناکۆکیتان هەیە.

## یاری پیت

هەوڵبدە پیتەکان ڕیز بکەیت، تا ناوێکت بۆ دەردەچێت:

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ە | ڵ | د | پ | ۆ |

ئاسانکاری: سەیرانگایەکی کوردستانە!



### گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠

کاری ئێستات بۆ کاتێکی دیکە دوامەخە، ئەوانەی لە بەرژەوەندی تۆ ڕوودەدەن بەردەوام بە لەگەڵیان. ئەو هەنگاوانەی پێچەوانەی خواستت دەبنەوە، زیاتر چاودێرییان بکە تا باشتر دەبن. ئەو ماوەیەی ئێستات بەرەو ناخۆشی و کێشە ڕێگەیان گرتووە و لە داهاتوودا هەموویان چارە دەبن.



### دووانە ٥/٢١ - ٦/٢٠

کارەکانت بە جوانی جێبەجێ دەکەیت، بەڵام دژایەتی کەسانی دیکە وات لێدەکات کە هەمیشە تووشی شکستت بکەنەوە. خۆڕاگر و بەهێز بە، تا دەگەیتە ئامانجەکانت. بڕیارەکانت جێگەی گومانن، بەڵام بەرەو سەرکەوتنت دەبەن، کەسێکی دڵ کراوە و ئارامتر بە.



### قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢

کارەکانت بە خەیاڵ ئەنجام مەدە و لە واقیعدا بژی. هەوڵەکانت بۆ ئاشتبوونەوەت لەگەڵ ئەو کەسە نزیکەتدا چەندین جارە بە پێچەوانە بۆت دەگەڕێتەوە، چاکترە بۆ ماوەیەك فەرامۆشی بکەیت تا لە هەڵویستەکەی پاشگەز دەبێتەوە، کەسێکی دڵ نەرمی و کەسایەتیت بەهێزە.



### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١

بە بڕوای خۆت کارەکانت لە جێی خۆیان جێبەجێ دەکەیت و کردارەکانیشت بە جوانی بەڕێ دەکەیت، بەڵام لە چاوی کەسانی دیکەوە ڕەفتارەکانت هەڵەن، بۆیە پێویستە لە دەرەوەی بیرکردنەوەی خۆت تێبینی بۆچوونی ئەوانیش بکەیت، کەسێکی زیرەکی و بیرکردنەوەت گونجاوە و داهاتووی گەش چاوەڕوانت دەکات.



### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١

نەمانی ئومێد بە داهاتووت، تووشی بێ تاقەتی و بێ متمانەییت دەکات. هەمیشە بە چاوێکی گەشبینانە لە داهاتووت بڕوانە و وا هەست مەکە بەرەو خراپی دەچێ. لەگەڵ کەسێکدا ماوەیەکی زۆرە نێوانتان خۆش نییە، هەوڵبدە بە جوانی و بە هێمنی لێت تێبگات و تا چاکی بکەیتەوە، چونکە پێویستت پێیەتی.



### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩

هەست بە ماندووبوون دەکەیت و ڕەشبینیت پێوە دیارە، لە کاتێکدا هەوڵدەدەیت گۆڕانکاری لە ژیانتدا بکەیت، بەڵام زۆربەی بیرکردنەوەکانت بەرەو ئەنجامێکی نادروست ڕێگە دەگرن. مەترسە لە هەنگاوەکانت و دەستیان پێبکە، ئەوەی سەری گرت پێشوازی لێی بکە و ئەوەشی نەبوو خەمی بۆ مەخۆ.